# پڕوپاگەندەی بەرزانی بۆ هەڵبژاردن لەبەردەم کۆمەڵێك هەژار وکەمدەرامەتدا!

**حەمەغــــەفور**

mgafor@yahoo.com

مەسعود بەرزانی لەکۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لەخەڵکی هەژارو کەمدەرامەتی شاری هەولیّردا، هەمان ئەو قەوان وپڕووپاگەندەیەی سەدبارەکردەوە کەماوەیەکە بەمناسەبە وبێمناسەبە لەدەزگاکان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندنیانەوە لەپێناوی گاڵتەجاڕی هەڵبژاردندا زەین وهۆش وچاو وگوێی خەڵکیان کردۆتە نیشانە. بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بیّ گوێدان بەهیچ پرەنسیپێکی هاوچەرخ هەڵاوبەزمێکیان سازکردووە وخەڵکیان پێوە سەرگەرم وسەرقاڵ کردووە. نەك هەر ئەوەش بەڵکو کەش وهەوایەکیان خولقاندووە کەبارودۆخی سالم وئاسایی کۆمەڵگا وژیانی ڕۆژانەی خەڵکیان تێکداوە. بۆ نموونە ڕۆژی سەدجار کەمە ئەگەر برینە قووڵەکانی خەڵکی کوردستان نەکولێننەوە. ئەوەی شتێکی عاجباتییە ئەمەیە کەیەکێك لەهەرە گەورەترین بەرپرسی هەلومەرجی ئێستای کوردستان، واتا بارودۆخی گەندەڵی ودزی وڕاووڕووتێك کە15ساڵە بەرزانی هەردوو حیزبی پارتی ویەکێتی، کوردستان وخەڵکەکەیان لەگەڵی بەرەوڕووکردۆتەوە، کەچینی کرێکار وزەحمەتکێشان وەئەوانەی ئەو پێیان دەڵیّ هەژار وکەمدەرامەت، لەم ماوەیەدا زۆرترین تاڵاو وکوێرەوەرییان لێی چەشتووە، وهەزاران جار موحتاجی پاروە نانێك وئاوی خواردنەوە وشوێنی ژیان وتەنانەت "کــار" یانی سەرچاوەی ژیانی مەمرەوەمەژی کراوون، هاتووە بەڵێنی پووچیان پێدەدات ودەڵیّ،کە"ئەوەی پێی بکریّ بۆیان جێبەجیّ دەکات!". ئەم جۆرە لەپڕوپاگەندە وئەم شێوەیە لەدوواندنی کۆمەڵگا، سەددام حسێن ئەخاتەوە بیری خەڵکی کوردستان. دکتاتۆری عێراق هەموو دەسەڵاتێکی لەچنگدا بوو. بەگوێرەی عەقڵی خۆی هەڵسوکەوتی بەسەروەت ودەسەڵاتی وولاّتەوە دەکرد ولەپێناوی سیاسەتە چەوت وفاشیستی ودڕندانەکانیدا بەکاری دەبرد. بەرزانی بەڕوونی بەقسەکەیەوە دیارە کەجگە لەبەڵێنێکی درۆ بۆ چەواشەکردنی کرێکاران وزەحمەتکێشان، کردەوە لەقسەکانیدا بەدی ناکرێت. ئەو بەر لەوەی بەڵێنەکەشی بدات، مەرجی بۆی داناوە. دەڵیّ، ئەگەر بەشداری دەنگدانتان کرد وپەنجەمۆرتان کرد بۆمان، کەهەر ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتی تالاّنچێتی وگەندەڵی وسەرکوتیان بەسەر وورگتانەوە ڕابگرن، وچۆن بەرژەوەندیان بخوازێت، ئاوا مامەڵە بەسەر چارەنووسی خەڵك وکوردستانیشەوە بکەن. بەبیّ پرس وڕا بەخەڵك کوردستان ئیلحاق بکەینەوە بەعێراقەوە. نەك هەر ئەوەش بەڵکو ئەو 2ملیۆن ئیمزایەی خەڵکی کردیان بۆ سەربەخۆیی نرخی سووتووە جگەرەیەکی نەبوو وەنییەتی لەلامان ئەوا ئیتر "ئێوە بیر وباوەڕتان هەیە، وبەرگری دەکەن لەنیشتمان، وکەواتە ئێوە هەژارنین!! بچن نان وبیروباوەڕ بخۆن!". ئازادیش چوارچێوەی هەیە! چوارچێوەکەشی بریتییە لەوە کەنەك نابێت ڕەخنە وموخالفەی سیاسی هەبێت، ئەگەر هەشبێت وەکو سەردەمی ڕژێمی بەعس دەبیّ بەئیجازەی ئەوان بێت، دەنا ئەوە دەرچوونە لە"عادەت وفەرهەنگی کوردەواری!". گلەیی وگازەندە وناڕەزایەتیی خەڵکیش بەدەردی خۆپیشاندانی کەلار وئاکری و..تد دەبرێت. بەرزانی دەڵێت،"<u>ئەوەی پێی بکریّ</u> بۆیان جێبەجیّ دەکات!". واتا ئەگەر نەشیکرد کیّ هەیە وکیّ دەتوانیّ بلّیّ، کوا جەنابی بەرزانی بەلێنەکانت چی بەسەر هات؟! ئەم بەڵێنانەشیان هەر وەکو ئەوانی پیشوو تر وایە. ئەمڕۆ پێویستیان بەم قسە بەلاشانە هەیە بۆ گیژکردن وفریودانی خەڵکی تاپەلکیشیان بکەن بۆ بەردەم سندووقەکان.

ناکۆکییەکی گەورەی دیکەی ئەم قسە وبەڵێنانەی بەرزانی ئەمەیە، کەخۆی دانی پێدادەنێت خەڵکی هەژار وکەمدەرامەت زۆرن لەکوردستان. بەڵام ئایا لەماوەی 15ساڵی ڕابردوودا کەمەسەلەی "بنیاتنانەوەی عێراق" لەئارادانەبوو، ئەم دوو حیزبە چییان کردووە بۆ خەڵکی کوردستان، تابگات بەخەڵکی کرێکار وزەحمەتکێش؟! گەندەڵیی وڕاووڕووت وگرانی وبێکاری وهەژاری مەگەر بەرەنجامی سیاسەت ودەسەڵاتی ئەوان نییە؟ قەیرانی خانوو ومەسکەن، بیّ ئاو وکارەبایی، نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی تر، سەرگەردانی لاوان و ووربوونی کەسایەتییان بێحورمەتی بەژنان وبەمناڵان کەلەم ماوەیەدا بەرفراوانتر بۆتەوە مەگەر

لەچوارچێوەی دەسەڵاتی ئێوەدا نییە ونەبووە؟ خەڵکی بەکام قسانەتان باوەڕبکات! بەقسەو بەڵێنەکانی پەرلەمانە بەپەن بووەکەتان..یابەوانەی لەدوو بەشی پیشتری ئەم گاڵتەجارەدا فرێتان دان، یاخود بەمانەتان؟! باوەڕ بکەن خەڵکی باوەتان پێ ناکات ولێتان بێزارن. بەڵام ئەوەی بۆ خەڵکی هەژار وکەمدەرامەتی کوردستان ڕۆشن بۆتەوە لەم 15ساڵەی دەسەڵاتی ئێوەدا، ئەوەیە کەدەسەڵاتی ئێوە بەڵای سەرەکی ژیانیان وهۆی بنەڕەتیی هەژاریشیانە. چونکە ئێوە خۆتان دوو هێزی میلیشیایی وعەشیرەیین وئەوەی پێی دەڵێن ئیدارەی حکومەت لەکارتۆنێك زیاتر نییە بۆ خەڵکی! چۆن وایە؟ چونکە بەر لەهەر شتێك بەهۆی سیاسەتی چاوچنۆکانەی خۆتانەوە بەرتان گرتووە بەوەی کوردستان لەڕیفراندۆمێکدا بڕیار لەسەر جیابوونەوەی بدرێت ودەوڵەتێکی مەدەنی تێدا دابمەزرێت. ئێستا خەریکن کوردستان دەلکێننەوە بەعێراقێکەوە کەکەس نازانێ بەرەو کوێ دەڕوات. ئەوەشی پیادە دەکرێت ئێستا لەکوردستان، یاهەمان یاساکانی سەردەمی بەعسن، یاخود یاسای دوو هێزی چەکداری عەشیرەیین. بەم هۆیانەوە ئەم قسانە وئەم بەڵێنانەی بەهەژارانی دەدەیت درۆیەکی شاخدارە. تەنها بەم دەلیلەی کەبەرزانی خۆی سەرۆکی هیزێکی چەکداری عەشیرەییە، وهیچ وەعد وقسەیەکی سەرۆك خێڵێکیش ناچێتە چوارچێوەی جێبەجێ بوونەوە لەئاستی یاساییدا.

بۆیە چینی کرێکار وخەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانیش لەڕیزی پێشەوەی خەبات وناڕەزایەتییەکاندان لەدژی خۆتان ودەورودووکانتان، لەدژی میلیشیا ودەسەڵاتی حیزبی وحکومیتان. وەلەهاوشانی لاوان وخەڵکی ئازادیخوازی کوردستانەوە ڕادەوەستن بۆ ڕیسواکردنی ئەم گاڵتەجارەی پێی دەڵێن هەڵبژاردن. وەلەپێناوی هەمەگیرکردنی خواستی سەربەخۆیی کوردستان وبردنی بەئاقاری تەحقیق بوونیدا، کەهەنگاوی ئەساسییشە بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی ودزی وهەژاری، تێدەکۆشن. ئەوپەڕی توانا دەخەنەکار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا وکۆمەڵگایەکی مەدەنی هەتا بۆ هەمیشە ڕزگاریان ببێت لەدەسەڵاتی میلیشایی.

2005-12-10